# چایخانەکەی پاڵتۆڵك !

## تۆش وەکو من قوڕ ئەپێوی گەر بزانی عیللەتم
## وێڵی سەحراکەی نەهاتی غوربەتی پڕ میحنەتم

ستەمە ئیمڕۆ ئەگەر بێتوو لە ڕەووتی شارستانیەتی گەلی کوردا کۆترە باریکەی سەر قوببەو بنارەی هەڵۆیست بیت و پەڕوباڵت بە داو و فاقەی قەڵەمی ڕقەوە نەبووبێ و لەکازێوەی ڕۆشنبیری کوردیدا بە پەتی قەنارەی تاوانێ زایەڵەی نەغمەیەکیان نە خنکاندبی ، لە کاروانسەرای ئەمەگناسیدا تاوانە بە زمانی هەق قسە بکەیت لە هاژەی ڕووباری خوێنی شەهیداندا ئابڕوو چوونە پەنجەی شایەتمانی هەق ڕووەو قیبلەی سەرفرازی هەڵ ببڕی ، لە دیوەخانی وونبووندا یاساغە دەستی ڕێزو وەفا بۆ تفەنگی هەق و بۆ لوتکەو بۆ پێشمەرگە و بۆ هەڵەبجەو بۆ ئەنفالیش درێژ بکەی ، 300 ساڵە زبانم ئەقرتێنن 300 ساڵە پەلوپۆی بەژنی درەختی وولاتم هەڵئەپاچن 300 ساڵە قاچی ڕاستم پاشقول لە چەپم ئەگرێ و چاوی ڕاستم چەپم کوێر ئەکاو پەنجەکانم تف بارانی خۆیان ئەکەن و شەوانە مەفرەزەی تیرۆر بۆ یەك دەرئەکەن ،کە ڕۆژیش بۆوە تووتەم دۆشاو مژەم هەجو ئەکاو برای تووتەو ئەسپێ کوژەش پەلم ئەگرێ و لە نێو دەمی تەنەکە خۆڵێکی پڕ بەیتی کوردی و پێشمەرگەو هەڵەبجەو ئەنفالم ئەکەن ، لەسەر ئەم تەختەی شانۆی هەقە ڕاوەستاوم زایەڵەیەکم خۆڵەمێشی وەك سووتماکی هەڵەبجە ، لەسەر ئەم سەکۆی هەقە هەڵکوڕماوم لاپەڕەیەکم ئەرخەوانی وەك لاشەیەکی ساردو سڕی نێو چاڵەکانی عەرعەر وەك منداڵ و ژنانی بەسەر یەکدا پلیشاوی دێی عەسکەر ، لەقەفەزی دادگایەکدا دەست بەسەرمو دانراوم گوێ لە پەیامە سۆزانیەکانی دادوەرە ڕووخاوەکەم دەگرم ، دادوەرەکەم نەخۆشە بەسەرما ئەقیژێنێ و پێم ئەڵێ تۆ تاوانباری پێویستە بەر سزاکانی قەڵەم بکەوی بەنووکی تیژو ڕقی قەڵەم بسڕێیتەوە بکوژێیتەوە ، وەك ڕەگی دار بەڕووی شیعرێکی شێرکۆ بێکەس لەناخەوە کوێر بیتەوە . دادوەرەکەم پێم دەڵێ تەماشای خۆت بکە بێ کەس و بێدەر لەدەریایی ناڵینی مندا پەکتەو سوجدەی پاڕانەوەم بۆ دەبەی لێت ببورم ئازادت بکەم لێت خۆش بم، بەلاّم نە تانەتکەمە مەخسەرەی چامەی شیعرم مەحاڵە ئەم ئێوارەیە لەسەر یەکێ لە کورسییەکانی چایخانەکەی پاڵتۆڵك و لە ئێرە دەنگی کوردستانا ڕاتگرم ، دادوەرەکەم گەوجە نازانێ ئەم هۆڵی دادگاییەی کە بۆی دروست کردووم هەمووی بە هاواری سووتاو کوێر بووی کانی ئاشقان و سێوسێنان ڕەنگ کراون نازانێ تەنانەت کورسییەکانی ئەم هۆڵەش هەمووی بەژنی داربەڕوویەکی کوردستانین و لە کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفالدا ڕژێمی فاشی ئەفلەقی بغداد و پێنووسە خوێڕییە کوردییەکان بەرد باران ئەکەن ئەو پێنووسانەی شان بەشانی ڕۆژنامەکانی بەعس لە مەرگی 5000 شەهیدی هەڵەبجە و 183 هەزار ژن و پیاو و کیژو کوڕ و منداڵ و جاحێڵدا پێشمەرگە قارەمانەکانی گەلی کوردیان تاوانبار دەکرد ، دادوەرەکەم گێلە نەی دەزانی کە قومری سەر گوێسوانە و بانی دادگاکەشی نەفرەتی ئەو پێنووسە دەکا کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە تای تەرازووی حیزبی بەعس دەکا ، ئەو پێنووسەی کە پاسۆك بە مۆڵگەی دزو حیزو هەتیوبازو کۆتربازو تەنەکەخۆڵی کۆمەڵگەی کوردی ناو دەبا ،

دادوەرەکەم زۆر گێل بوو

نەی دەزانی کە ئەم گەلە زۆر لە مێژە

بای یاخی هەڵوێستی لێفڕاندووە و
لە سەر لووتکەی جوامێری کورد بوونی داناوە
نەی دەزانی زۆر لە مێژە
کە ئەم گەلە
حەمە سەعید و خەتاب سابیر و کلکەکانیشی
لە بەر پێی منداڵێکی ئاوارەی هەڵەبجەو
ئەنفالدا داناوە ،

هۆشمەند

09.08.02